# ڕێکخستنی ئۆرکێسترای سیمفۆنی لە سەردەمی گۆڕانکارییەکاندا: پشت پەردەکان

نووسینی: نیکۆلا بیبۆ، لاورا برانکۆ، جۆرجینا ئەلینا تیۆهاری

لە ئینگلیزییەوە: سیڤان ئەرسەلان

**ئەم توێژینەوەیە لەلایەن ماڵپەڕی کلتووری دیدی من و بە سەرپەرشتی ئۆرکێسترای ماڵی موزیک بڵاوکراوەتەوە**

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گفتوگۆکردنە لە بارەی ئۆرکێسترای سیمفۆنی وەک ئۆرگانێکی زیندوو لە کارلێککردنێکی هەمیشەیی لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی ئەمڕۆی ژینگەدا، وەک ژیانکردنێک لە نێوان کەرەستە و خزمەتگوزارییەکان و پێشکەشکردنی لە ڕێگەی چالاکییەکانی ئۆرکێسترای سیمفۆنی، لەگەڵیشیدا تیشکخستنەسەر ئۆرکێسترای ئەڵمانی (Kulturorchester) وەک دەسەڵاتداری بازاڕی ئۆرکێسترای سیمفۆنی کلاسیک ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکردنی کورتەباسێکە لەگەڵ ئامانج و ڕاهێنانی باش کە لە بەڕێوەبردنی ئۆرکێسترای سیمفۆنیدا باسی لێوە کراوە، بە تایبەت ئەڵمانیا، شێوازێکی تایبەت و ناسراو کە پێک هاتووە لە میوزیکژەن و ئەندامانی ئۆرکێسترا، هەروەها باسکردن لە تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبردن لە ئەمڕۆدا. گرنگییەکی تایبەت هەیە لە چالاکییە جۆراوجۆرەکان و هاوبەشیکردنیان لەگەڵ دەزگا پەروەردەییەکاندا. ئەنجامەکان پێک دێن لە ناساندنی ژمارەیەک گرووپی میوزیکی، دەرفەتەکانیان و مەترسییەکان، باشترین ڕاهێنان و شێوازی داهێنانانە لە بەڕێوەبردنی ئەمڕۆی ئۆرکێسترای سیمفۆنیدا. "دابوونەریت پەرستنی خۆڵەمێشەکە نییە، بەڵکو پاراستنی ئاگرەکەیە" گۆستاڤ ماهلەر.

## ١- پێشەکی

"هیچ چالاکییەکی دیکەی وا بوونی نییە کە تیایدا چواردە، هەژدە یان سەدوبیست کەس لە هەمان کاتدا یەک کار ئەنجام بدەن، لەگەڵ ئاگاداربوون لە دەیەم لە چرکەیەکدا، دەستپێکردن و کۆتاییهاتنیان لە یەک کاتدا. (تورکۆڤ ١٩٩٨)" هەرچەندە بەشێکی پێکهاتەی ئۆرکێسترای سیمفۆنی کەوتووەتە ژێر کاریگەری هەندێک لە گۆڕانکارییەکانی ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا، باس لە دروستبوونی کراوە وەک ئەنجامی گونجاندنێکی هەنگاو بە هەنگاو لە پێویستییەکانی گۆڕانکارییە مێژووی، ئابووری، کۆمەلایەتی، پەروەردەیی و گۆڕانکارییە کولتوورییەکاندا.

وای دادەنێین کە ئۆرکێسترای سیمفۆنی دەزگایەکی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری کولتووری و ئۆرگانێکی زیندووە، لە کارلێکردنێکی هەمیشەیی لەگەڵ ژینگەدا، بوون بە پەستانێکی دەرەکی و

ناوەکی، کە تایبەتمەندیی بەڕێوەبردنی ئێستایانە بە مەبەستی هەڵکشانی ڕازیبوونی هەموو گرووپە میوزیکیەکە؟ مەترسییەکان کە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ئۆرکێسترای سیمفۆنییەکە دروست دەکات و زۆریان دەرەکین، بۆ نموونە گۆڕانکارییە دیمۆگرافەکان، باگراوندی پەروەردەی میوزیکی دانیشتوان، میتۆدەکانی پارە تەرخانکردن، چالاکییەکی جیهانی و مەشقکردن لەگەڵ برەودان بە کۆمەڵگەی مۆدێرن، لە دەقی ئێستای جیهاندا، بوونی ئۆرکێسترای سیمفۆنی ناتوانێت چیتر بەرجەستەی حەقیقەتی خودی دیار بێت، چونکە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە، وەلامدانەوەیەکی خێرا، کاریگەر و کارامە لە سیستەمی بەڕێوەبردنەکەدا یارمەتیدەر دەبێت لە زیادبوونی پێشکەشکارییەکە لەگەڵ دڵنیابوون بۆ داهاتویەکی باشتر، ئەو میتۆدانە چین کە یارمەتیدەرن لەو گەیاندنە کاریگەر و کارامەیەی خزمەتگوزاری کولتووری لە لایەن ئۆرکێسترای سیمفۆنی بۆ گونجاندن لە کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخدا و بۆ ڕزگاربوون لە ژێر کاریگەری ئەم ژینگە پڕ گۆڕانکارییەدا؟

**٢- پێداچونەوەی ئەدەب**

بە پێی وتەیەک کە دەڵێت "لە پێشکەشکردنی هونەردا، قەیران بە تەواوی شێوازی ژیانە" (Baumol and Bowen 1966) لە ناوەڕاستی سەدەی پێشووەوە ئەوە زانراوە کەوا کاری نوێی میوزیکی، ڕێکخەری نوێ، ئاوازدانەری نوێ، ڕابەری ئۆرکێسترا یاخود هونەرمەندی نوێ بەس نییە، داهێنان و ڕێگە ڕەسەنەکان کە حەزی خەڵکی برەو پێ دەدات و بەخەبەریان دەهێنێت، لە هەمان کاتیشدا کارەکە بە تەواوی دەگەیەنێتە ئەنجام، کاتێکی زۆری ڕاهێنان و خۆتەرخانکردنی میوزیکژەنان پێویستە. لێکۆڵینەوەی زۆر، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و لە ئەورووپادا لە ساڵانی پێشوو، باس لە بایەخپێدان بە ناساندنی ستراتیژی نوێی ڕێکخستنی مۆدێرن لە بەڕێوەبردنی ئۆرکێسترادا و دەستنیشانکردنی ڕۆڵە گرنگەکانی بەڕێوەبردن بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ ژینگەدا، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ هاندان و بارودۆخی ئێستا، لە ئەمەریکادا ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە کە لە ناوەڕاستی سەدەی پیشووەوە بوونیان هەبووە، لێکۆڵەرە ئەورووپیەکان گرنگییەکی زیاتریان داوە بە بەڕێوەبردنی ئۆرکێسترای سیمفۆنی، لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٠دا.

هەرچەندە هونەر بە گشتی هەموو کات ڕووبەڕووی قەیرانێکی تایبەت بووەتەوە، ئۆرکێسترای سیمفۆنی هەرچۆنێک بێت بۆ ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانە ئامادە نەبوو کە لە دوای شۆڕش ڕویان

دا لە وڵاتە کۆمۆنیستییەکانی پێشوودا، لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تیشکمان خستووەتە سەر ئەڵمانیا، چونکە ئەڵمانیا ژمارەیەکی زۆر لە ئۆرکێسترای کلاسیکی پێشکەوتووی تێدایە (Kulturorchester) بە ناوی ١٠١، جیا کراونەتەوە لە دوای یەک، ١١١ Philharmonie لەگەڵ Philharmonie (فیلهارمۆنیک لەگەڵ ئۆرکێسترای شانۆ) ژمارە ٨ Kammerorchester "چامبەر ئۆرکێسترا"

لەناو یەکەمین لێکۆڵینەوەیدا پێشکەش کراوە لە لایەن هاینریک ویرنەر لە ساڵی ١٩٩٧دا، لەگەڵ ئەو شێواز و ستراتیژیانەی کە پشتگیری ڕێنمایی سیاسەتێکی نوێ دەکەن بۆ پشتگیری دارایی کولتوور، لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری نوێ و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئۆرکێسترای سیمفۆنی چی دەکات یاخود هەوڵەکانی چین کە پەیوەندی هەبێت بە ئاستەنگییەکانی دەوربەر، بۆ مەترسیە دەرەکی و ناوەکییەکان، بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لەم سەرکەوتنەی لە مرۆدایە، یەکێکە لەو پرسیارانە لەناو ئەو لێکۆڵینەوەیدا لە لایەن هەمان نووسەر کراوە، نۆ ساڵ دوای ئەوە هاینریک ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ ئەوەی ئامانجی ڕێکخەرەکانی ئۆرکێسترای ئەڵمانی هەمووی بە شێوەیەکی زۆر وەک یەک بوون، لێکۆڵینەوە لەوەی چ تایبەتمەندییەک پێناسەی شێوازی بەڕێوەبردنیان دەکات پەیوەندیدار بە گۆڕانکارییە دیموگرافییەکان لە ئۆرکێسترادا، لەناو خەڵکی، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، بە پێی نوێترین ڕەوتە جیهانییەکان، لە تەنیشت ژێری بیرۆکەی پارێزگاریکردنی "دەنگی ڕەسەنی ئەڵمانی" (Der alte deutsche Klang) ئەم ئامرازانە لە لایەن مێرتێنزەوە ڕێک خراون، (جیراڵد ٢٠١٠ وەک: a) (کۆنسێرت و بەرهەمی میوزیکی بە کوالیتی بەرزی هونەرمەندان، b) (کۆنسێرتە فرۆشراوەکان، c) (ڕازیکردنی خەڵک، d) ڕازیکردنی ئەندامانی ئۆرکێسترا.

بریژینکا تۆماس ساڵی ٢٠٠٥ چەند پێوانەیەکی دیکەی زیاد کردووە کە هاوبەشی دەکات لە بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتوودا، بە تایبەت گۆڕانێکی ئەرێنیانە لە خەڵکیدا، هاندانێکی باشتری میوزیکژەنەکان، زیادبوونی ئەو چێژە لە لایەن ئەوانەی پێشکەشی دەکەن، هەروەها شرۆڤەکردنی بەرنامە دیزاینکراوەکە، لە فۆرمێکی نوێی پێشکەشکردنی میوزیکی کلاسیک، خوێندراوە و تاقیکراوەتەوە لەژێر چاودێری ڕێکخەرانی ئۆرکێسترای سیمفۆنی، بە مەبەستی پارێزگاریکردنیان لە بنەڕەتی میوزیکی، لە پێکەوەژیانێک لەگەڵ چواردەورێکی هاوچەرخدا، بۆ کۆکردنەوە و داخوازییەکان (Tröndler, 2011).

نـوێترین لێکـۆڵینەوە لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـان بـڵاو کـراوەتەوە، بـاس لەو ڕاسـتییە دەکـات کە زۆرێـک لە ئۆرکێسـتراکانی سـیمفۆنی دادەخـرێن، پـاش ڕاگەیانـدنی مایەپووچیـان. بـارودۆخی ئۆرکێسـترای سیمفۆنی لە ئەمەریکادا ئـارەزووی تـوێژینەوە دەکەن بە هـۆی ئەو جیاوازیانەی کە دۆزراونەتەوە، ئەمەش وای کردووە هەندێک لە ئۆرکێستراکان بە نزمترین ئاست بگەن، لە کاتێکدا ئەوانەی دیکە سـەردەکەون و چێـژ دەبینـن لە سـەرکەوتنی ڕاسـتەقینە و داهـاتوویەکی پـارێزراو، زانکـۆی یـالە شـرۆڤەکردنی دوو بیروبۆچـوونی کـردووە، چارەسـەرێکی گونجـاوی دۆزیـیەوە، لە ناویشـیدا بە ئەورووپـا، لە ڕێگەی پێشکەشـکردنی سـتراتیژییەک بـۆ بازرگـانییەکی سـەرکەوتوو لە ئەمەریکـادا، تیشکخستنەسـەر زیـادبوونی هـاوچەرخی بـوون لە پێشکەشـکردنەکاندا، کەمکردنەوەی تێچـوونەکان لە ڕێکخسـتنی کۆنسـێرت یـاخود نمایشـێکدا، (Flangan 2012) لەگەڵ ڕیزێـک بـۆ ئەو فـاکتەرانەی کـۆنترۆڵ کـراون لە لایەن ڕێکـخەری سـیمفۆنییەکان، سـیمفۆنییەکی بە کـوالێتی بەرز دەکرێت زیادبوونی لە بازاڕدا لە ڕێگەی زیادکردنی لە ڕێژەی گوێگرەکان. ئەم فاکتەرانە ڕەنگە کولتـووری نـاوخۆیی لەخـۆ بگرێـت و هەڵوێسـتێک بێـت بەرامـبەر ئۆرکێسـترا ناوخۆییەکـان، هەڵبژاردنی میوزیک و بە بازاڕکردنی پێشکەشکردنەکە، یاخود ئامادەبوونی ڕابەرانی بەناوبانگی ئۆرکێسـترا یـاخود میـوانی میزیکـژەن (تۆمـا لەگەڵ مـاس ٢٠٠٧) پـێکەوە لەگەڵ "جیهـانگەرایی" بەڕێوەبردن و هۆشیارکردنەوە لەبارەی گرنگی و بەنرخیی پرۆسەی سیمفۆنییەکی نەرم، یەکێک لە ئامانجەکانی باسکردنێک لەبارەی بردنەوەی کۆمەڵەی تەکنەلۆژیا، خەڵک و دەستکەوت، لە دۆخێکی هاوئاوز و هاوسەنگدا، ئێمە سەرکەوتنێکی دوورودرێژ بۆ ئۆرکێسترا پێشنیار دەکەین، "ئەوەی داوا کراوە گۆڕانێکی بچووک بەسـەر پرۆسـەی پلانە کولتووریەکەدا ناهێنێت، بەڵام دۆزەرەوەی نوێی فەلسەفی دەڵێت: ستراتیژییەت شۆڕشە؛ هەر شتێکی دیکەش تاکتیکە (Hamel 1996b)

**٣- ئامانجی توێژینەوە**

"فێـر ببە، چـۆن لەگەڵ خۆتـدا هـاوچەرخ بیت" ئەمە ئامۆژگـارییەکە لە لایەن مایسـترۆ ڕێمـوس جیۆرجیێسکو گوتراوە، جیهان میوزیکژەن و ئاوازدانەر، ڕابەرانی ئۆرکێسترا، بەڕێوەبەرانی ئێستا و ئۆرکێسـترای سـیمفۆنی ڕۆمانییەکـانی بەناوبانـگ کـرد، ئامـانجی ئەم تـوێژینەوەیە باسـکردنی بەهێزییەکـانی ئۆرکێسـترای سـیمفۆنییە، وەک خزمەتگـوزاری میـوزیکی کولتـووری لە لایەن

دەزگاکانەوە، لە چوارچێوەی گۆرانکاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، تەکنەلۆژی، پەروەردەی و کولتووری لەگەڵ میوزیکی دەوروبەری هاوچەرخدا.

ئۆرکێسترا پێشکەوتووە کلاسیکییەکان یەکێکن لە کۆنترین دەزگاکان، کۆمەڵێک گرووپن بە بەهرە و حەز و خۆشەویستیان بۆ میوزیک هان دراون، یەکگرتوون بە هۆی ئەو ویستەیان تاوەکو بەهرەکانیان دەرببڕن لە ڕێگەی دەنگ و زانیاری ڕاستەوخۆ کە بەدەستهێنانی چەندین ساڵ و هەزار و هەزار کاتژمێر لە مەشقکردنی ویستووە، تایبەتمەندە بە سەبرکردن و خۆتەرخانکردن. میوزیکژەنە پێشکەوتووەکان، ئەندامانی ئۆرکێسترای میوزیک، هەموو کات ڕووبەڕووی ئاستەنگی بوون لە هێشتنەوەی بالانس لە نێوان هێزی ڕێکخستنەوەی نواندنە هونەرییەکان، ئەمە گونجاندنە پێویستی و پێشبینیکردنی گۆڕنکاریی خێرا لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا.

ئایا سیستەمی بەڕێوەبردن لە ئۆرکێسترای پێشکەوتوودا ڕوو دەدات، چۆن؟ ئایا هیچ دەگۆڕێت، یاخود ڕاستین، "ئەگەر کار دەکات، چاکی مەکە؟" لە جیهانێکدا کە ڕۆبۆتەکان جێگەی کاری مرۆڤەکانیان گرتووەتەوە. کێبڕکێیەک بۆ بەدەستهێنانی کاتی دەستبەتاڵی ئایا سەختە، نمایشکردنی کاری هونەری و کولتوورییەکان وەک هەمەجۆر و جیاواز تا دەتوانن، پێمان وایە بۆ بینینی پێشبینییەکانی گرووپە میوزیکییەکە پێویستمان بە هەردووکی دەبێت، پرۆفێشناڵبوون و کارامەیی "هونەرمەندەکە، لەگەڵ ڕێکخەرە هونەرمەندەکە کە لە پشت نواندنە هونەرییەکەوە درو دەکات."

ئۆرکێسترا کلاسیکییەکانی ئەڵمانیا کۆنترۆڵی بازاڕی پێشکەوتووی ئۆرکێسترایان کردووە بە Berliner Philharmoniker لە پلەی دووەمدا، Symphonieorchester des Bayerischen Rundfunk لە پلەی شەشەمدا، لەگەڵ Staatskapelle Dresden on place لە پلەی دەیەمدا، بە پێی تۆمارەکان، ڕۆژنامە میوزیکییە کلاسیکییەکان جیهان، کارێکی چێژبەخشە بۆ ناساندنی ڕاهێنانی باشترین بەڕێوەبردن لەناو ئۆرکێسترای سیمفۆنیدا، شانۆ لەگەڵ چامبەر ئۆرکێسترا لە ئەڵمانیا. The Kulturorchester "ئۆرکێسترای میوزیکی پرۆفێشناڵی ئەڵمانیا" کەوتووەتە سەر ژمارەی میوزیکژەنەکان، کە بۆ چوار کاتیگۆری جیا کراونەتەوە: ١- لە ٩٩ ئەندام بۆ سەرەوە، ٢- ٦٦ ئەندام یان زیاتر، ٣- ٥٠ بۆ ٦٥ ئەندام، ٤- سەرو ٥٠ ئەندام.

سەرکەوتن لە هونەر، لە لایەکەوە، توانای گونجاندنە لەگەڵ کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، لەگەڵ ئەوەی ئێمە باس لەو داڕشتنەوەیەک دەکەین کە سەدەکانی پێشوو نووسراوە، یاخود کارێکی میوزیکی هاوچەرخ، ئێستا و داهاتوو دڵنیا دەکاتەوە. میوزیک قەبارەیەکی زۆر لە دەرخستنی هەیە، کە تیایدا

تواناکانی مرۆڤ لەگەڵ هەوڵدانی زۆر و ڕاهێنانەکانی بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر پێکەوە یەک دەگرن، هەرچۆنێک بێت، قەبارە و ناوەڕۆکیان لەدەست دەدەن ئەگەر لەگەڵ خەڵکیدا هاوبەشی نەکەن، کی ماناکەیان بەرز دەکاتەوە، وەک ئەنجامێک لە دیاردەکانی پاکبوونەوەی دەروون، بەرزکردنەوەی ئاستی نواندنە هونەرییەکە.

لە لایەکی دیکەوە، بوونی ئۆرکێسترایەکی گەورە و باش مەشقپێکراو لە مرۆدا بەس نییە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن و گرووپە میوزیکییەکە ڕازی بکەن، دەرەکی و ناوەکی. نابێت تەنها دەربارەی "جووڵەیەکی بێکۆتا" بێت پێشکەشکردن- ئاوازدانەر- ئامادەبووان، بەبێ هیچ تێکەڵبوونێک. بیروبۆچوونی ئێمە داواکاری زانیارییەکی باش و هۆشیاری هەموو ڕێنیشاندەرە میوزیکییەکانە لەگەڵ هەموو ئەو کەرەستانەی ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ئامادەکردن، یارمەتیدان و هەڵگرتنی پێشکەشکارییە هونەرییەکە، خزمەتگوزارییەکە کە لە لایەن ئۆرکێسترای سیمفۆنی دابین دەکرێت دەتوانرێت وەربگێردرێت وەک چالاکییەکی میوزیکی کولتووری "ستەیج، پێشکەشکردن، کۆنسێرت لەگەڵ بەرنامەدا" دابینکراون لە دژی بڕی پارەی "بلیت و بەشداریکردن"

نمایشی ئۆرکێسترای سیمفۆنی پێکەوە ژیانی کەرەستە و خزمەتگوزارییەکانە، ئەو کارەی کە ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی پێشکەش بکرێت نوسراو/ڕێکخراوە بەرجەستەی کەرسەتەکان دەکات کۆنسێرت و نمایشکردنەکە بەرجەستەی خزمەتەکە دەکات، لە پێشودا لەگەڵ هەمان گوێگر، هەمان ئۆرکێسترا، هەمان ڕابەری ئۆرکێسترا یاخود هەمان میوزیکژەندا ڕووی نەداوە، نمایشکردن پێویستە لەسەر هونەرمەندەکە، بەڵام گواستنەوەی نمایشە هونەرییەکە هاوبەشی پێ دەکرێت لەگەڵ کڕیار (خەڵک)دا کە دواتر دەچێتە سەر کوالێتی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێیان دەگات.

دابینکەرانی شارەزا لە ڕادەیەکی گرنگ لە ئەنجام و بەشەکانی نمایشەکە، لە پاش مەشقکردنی چەند کاتژمێری تاکەکان، ڕاهێنانی گرووپ، ڕاهێنانی بەشەکان و ڕاهێنانی گشتی، بەڵام هاوبەشی کردن لە داهاتدا دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک/بەکاربەر بە هۆی ئەو پێشنیارانەی پێیان دەگات، ئۆرکێستراکە خزمەتگوزارییەکی هەستپێنەکراو پێشنیار دەکات کە ناتوانرێت پێشان بدرێت بە تەواوی، بەڵام ڕابەری ئۆرکێسترا، ئۆرکێسترا، ئاوازدانەر، میوزیکژەن، هۆڵ، سپۆنسەرەکان و... ڕەنگە لە گۆڤار و پرۆگرامی کۆنسێرتەکان ببینرێن، ڕوونکردنەوەی خزمەتگوزارییەکە دابینکردنی لە لایەن ئۆرکێسترای سیمفۆنی، دەکرێت ڕێک بخرێت بە پێی فۆرمی خاوەنداری: خەڵک، تایبەت یاخود بیرخەرەوەی تێکەڵ، دەکەوێتە سەر دەرکەوتنی خزمەتگوزارییەکە کە ناتوانرێت هەست، تام،

بۆن یاخود ببینرێت، لە پێش کڕینیدا، بیروبۆچوونی بەکاربەران دەکەوێتە سەر بەناوبانگی خزمەتگوزارییەکە، لەگەڵ ناسراوی دەزگاکە، بە هۆی ئۆرکێسترای سیمفۆنی، حوکومەت ئۆرکێسترای جیا کردووەتەوە و دابەشی کردون بۆ A, B, C, D لە هەندێک وڵاتدا، یاخود 1, 2, 3 لە هەندێکی وڵاتی تردا.

داهاتوویەکی دیکەی پێشنیارکراو لە لایەن ئۆرکێسترای سیمفۆنی جیا نەبوونەوەی ئەم خزمەتگوزارییە، واتە دەستکەوتن و بەفیڕۆدان پێکەوە، کۆنسێرتێکی ئاسایی نزیکەی دوو کاتژمێر دەخایەنێت، لەو ماوەیەدا، داواکاری ئامادەبوان دابین کراوە، جۆراوجۆری خزمەتگوزارییەکان زۆر گرنگە چونکە بێهاوتایی لەگەڵ خۆیدا دێنێت بۆ شرۆڤەکردنی نمایشکردن. هەرچەندە سیمفۆنی ٩ی بتهۆڤن بە لانی کەمەوە ١٠ جار لە ١٠ ساڵدا پێشکەش کراوە، ئەوان ڕابەری ئۆرکێسترای جیاواز، کۆرسی جیواز، ئاوازدانەری جیاواز بوون، تەنانەت گەر ئەوان بە شێوەیەکی "بێمانابیانە" وەک یەک بن و "گریمانەی" ئەوەی ئۆرکێستراکە لە هەمان ئەندام پێک هاتووە، گوێگرەکان جیاوازن، بە دڵنیاییەوە هەمان بەکاربەر نین.

ناجێگیری خزمەتگواری ئۆرکێستراکە لە لایەن ئۆرکیسترای سیمفۆنی دەکرێت وەربگێڕدرێت بۆ: جێگەیەکی چۆڵ یەکسان بێت بە لە دەستدانی خزمەتگوزاری چونکە هەمان ڕووداو، لە هەمان دەقدا، دووبارە ڕوو ناداتەوە، ئەگەرەکان چین کە ڕێکخەری سیمفۆنییەکە ڕێی لێ دەگرێت، بۆ وەڵامدانەوەی کاریگەر بۆ ڕەوتی ناجێگیرییەکە، ئایا تۆمارکردنی کۆنسێرت یاخود نمایشەکە هیچ دەگۆڕێت.

تەکنەلۆژیا کاتی ڕاستەقینەی گوێڕاگرتن لە کۆنسێرتی بەردەست کردووە لە ڕێگەی شەپۆلە ڕاستەوخۆکان لە بەشە جیاوازەکانی جیهاندا، شێوە و دەنگەکەی چێژبەخشە، بەڵام کاریگەرییەکی شۆڕشگێڕانە دروست ناکات، بەشداریکردنی خەڵکی لە کۆنسێرتدا هەستێکی بێوێنەی بەشداربوون لەگەڵ نمایشەکەدا دروست دەکات، هەستی نزیکبوونەوە لە میوزیک زیاتر دەکات، وەک ئەوەی هەموو کات شتێکی نەریتی بوونی هەیە لە کاتی خۆئامادەکردن بۆ کۆنسێرتێک، وەک چاککردنی خشتەی ڕۆژانەت، کڕینی بلیت، خۆگۆڕینێکی تایبەت، تێکەڵبوون لە دوای خەڵکانێکی دیکەی وەک خۆت، بە هەمان ویست و پێشبینی، ئەم شتانە ناتوانرێت ڕوو بدەن کاتێک تۆ لە ژوورەکەی خۆتدا دانیشتویت و بە ڕاستەوخۆ سەیری کۆنسێرتێک دەکەیت، بە ڕای ئێمە، ئەمە زۆر پەیوەست نییە کە تۆ توانات هەیە بۆ هاوەڵێکی کۆنسێرت لە هۆڵێکی کۆنسێرتی بەناوبانگدا، هەتا ئەو کاتەی

باسی گرنگی پێشبڕکێ دەکەین، وەک: ڕکابەری نێودەوڵەتی جۆرج ئێنێسکو، فرێدریک چۆپین یاخود ڕکابەری نێودەوڵەتی پیانۆ لە شاری لید، یاخود بۆنەی دیکە کە تیایدا بەراوردکردنی لە نێوان ئۆرکێسترا لەگەڵ میوزیکژەنان ئارەزوو زیاد دەکات بۆ نزیکبوونەوە بۆ کاتی ڕاستەقینەی نمایشکردن و بینینی ڕاستەوخۆ دەبێتە شتێکی گونجاو، وەک سەیرکردنی یاری تۆپی پێ، بۆ بەدەستهێنانی چێژ لە یارییەکە، پێویستە ڕاستەوخۆ سەیری بکەیت، تۆمارکردنی ڤیدیۆی یارییەکە، پاش ئەوە خۆت ئەنجامەکەی دەزانی، چیتر چێژبەخش نابێت، ناتونرێت هەمان شت بگوترێت کە پەیوەندیدار بێت بە تۆمارە بەناوبانگەکانی ئۆرکێسترا و میوزیکژەنە گرنگەکان، دەکەوێتە سەر بارودۆخی خۆت، دەتوانی بڕیار بدەیت کەی گوێ بگریت لە تۆمارێک لە لایەن ئۆرکێسترایەکی بەناوبانگ پێشکەش کراوە، یان بە پێچەوانە دەرفەتت نەبووبێت تاوەکو بە ڕاستەوخۆ گوێی لێ ڕابگریت، لەم دۆخەدا، تەکنەلۆژیان ئەمڕۆ بە تەواوی سوودبەخش دەبێت. پلاتفۆڕمی میوزیکی ڕاستەوخۆ ڕازیبوون بۆ هەردوو لا دەهێنن، خەڵک، میوزیکژەن لەگەڵ پێشکەشکارەکاندا.

بە پێی بۆچوونی پیتەر گارتیزەر ڕاوێژکاری ستراتیژی لە دەزگای ستراتیژی مونشینەر، لە ڕۆسو، کتێبەکەی ستیفان بە ناوی "ستراتیژی داهاتوو بۆ ئۆرکێسترا" "کۆبوونەوەی توانا و هێز" چاوەڕوانییەکانی ژیان زیاد دەکەن لە ٨ بۆ ١٢ هەفتەدا ساڵانە، لە هاوتەریبێکدا لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، ئاگادارییەکی باشتری تەندروستی فیزیکی و جەستەیی دەتگەیەنێتە ژیانێکی درێژتر، لێرەدا خواست لەسەر خزمەتگوزارییەکانی ئۆرکێسترای سیمفۆنی زیاد دەکات، بە پێی هەمان دەزگای ئامار، لە ساڵی ٢٠٣٠، لە ٪٥٩ی دانیشتوان لە شاردا دەژین، ٪٨.٥ زۆر زیاتر لە ئەمڕۆ. ئایا شارستانیبوون کاریگەری لەسەر ئامادەبوانی ناو هۆڵی ئۆرکێسترا دروست دەکات؟ بەشداریکردنی خەڵکی لە شوێنێکی گشتیدا لە کۆنسێرتدا دەکرێت دابنرێت بە ناسەربەخۆییەکی جیاوازوە، خەڵک دەکرێت مەودای نێوان شوێنەکان کاریگەری لەسەریان هەبێت کاتێک دەبێت گەشت بکەن بۆ بەشداریکردن لە کۆنسێرتێکدا.

گرنگییەکی تایبەت لەناو لقە جیاوازکانی فێربووندا، بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگا پەروەردەییەکان، ئامادەبوانی بەیانی و خواست بۆ خزمەتگوزارییەکانی ئۆرکێسترای سیمفۆنی یەکێکە لە گەورەترین ئاستەنگییەکان بۆ ڕێکخەرانی ئۆرکێستراکە، گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی ئەڵمانیا لە بیست ساڵی ڕابردوو، دیمەنی فرە کولتووری نوێ، حەزێکی کەم بۆ میوزیک، بۆ فێربوونی ئامێرێک، ئەو ڕستەیەیە کە کاریگەریی لەسەر کاری ئۆرکێسترای سیمفۆنی دەکات. ئەگەر ٢٠ ساڵ پێش ئێستا،

هەموو منداڵێک وانەی میوزیکی بخوێندبایە، فێرببوایە لانیکەم ئامێرێک بژەنێت، خێزانە ڕەسەنەکانی ئەڵمانیا کاریان بکردایە بە دروشمی "با پێکەوە میوزیک دروست کەین" لە ئەمڕۆدا کەمتر و کەمتر پارێزەری میوزیکی پەروەردەیی کۆنمان دەبوو، ئەم بارودۆخە مەترسییەکە بۆ سەر داهاتووی دەزگاکان کە خزمەتگوزاری میوزیکی کولتووری پێشکەش دەکەن.

وەک دژە باڵانسێک، مەترسی لەسەر پۆپولیزمی پەروەردەیی هەیە، کە بە باشی پێشکەش کراوە لە لایەن هالبۆرک مۆریس ١٩٩٨ کە باس لەوە دەکات میوزیکژەنانی پرۆفیشناڵ و مامۆستایانی قوتابخانە تا چەندێک دەتوانن دوور بڕۆن، بە مەبەستی زیادبوونی خواست لەسەر میوزیکی کلاسیک لە ناو جیلی نوێدا؟ چۆن قەبارەی جوانیبوون بۆ خوێندکارێک ڕوون بکرێتەوە، چۆن ئێمە دەتوانین ڕێگە لەو درۆیە بگرین کە دەڵێت "بەناوبانگبوونی میوزیک بە جۆرێک یەکسانە لەگەڵ نایابی جوانیدا" خەڵکی ساڵانە تەمەنیان زیاد دەکات، بۆیە تێکڕای تەمەنی بەشداربووەکان لە سەرو ٦٠ ساڵن، یەکێک لە ڕێکخەرەکان کاری تایبەتی دۆزینەوەی ڕێگەی داهێنانە بۆ ڕاکێشانی خەڵک لە کۆنسێرتە کلاسیکییەکاندا بەبێ لەدەستدانی ڕێز و هەرزانکردنی خزمەتگوزارییە میوزیکییە کولتوورییەکەی ئۆرکێسترای سیمفۆنی.

ڕاهێنانی میوزیکی خەڵک و زانیاری لەبارەی میوزیک لە پێشووتردا داوا کراوە، دەتوانێت حەز بۆ خزمەتگوزاری میوزیکییە کولتوورییەکەی ئۆرکێسترای سیمفۆنی زیاد بکات، لە ئەڵمانیا، پەروەردەی میوزیک بوونی هەیە، بەردەستە بۆ هەموان هەر لە دایەنگەکان لە ڕێگەی بەشداریکردن لە پرۆگرامی تایبەتی وەک MusikalischeFrüherziehung لەژێر چاودێری کەسانی شارەزا. هەروەها، ئۆرکێسترای ئەڵمانی پرۆگرامی پەروەردەیی بۆ هەموو تەمەنەکان دابین کردووە بێ گوێدانە ڕاهێنانی پێشینە. زانیارییە بەدەست هێنراو و وەرگیراوە بە پێی کات دەتوانێت شوێنێک دروست بکات بۆ خواست لەسەر چالاکییەکانی ئۆرکێسترای سیمفۆنی. پێویستییەکانی کۆنسێرت لە ڕێگەی مەشقی میوزیکی و باکگراوندی خەڵکی دادەنرێت.

بۆ نموونە، بە ڕێکخستن و پلاندانانی بەرنامەکانی کۆنسێرت، کردنەوەی مەشق، وۆرکشۆپی خێزانی لەگەڵ پرۆژەی هاندەرییە داهێنانەکان، پشتگیری لێ دەکرێت لە لایەن هونەرمەندە بەناوبانگەکان، هەر وەک پیانۆژەن لانگ لانگ، ئۆرکێسترای بەرلین فیلهارمۆنیک کارێکی ئەستەمی ئەنجام دا لە کردنەوەی دەزگای کولتووری بۆ خەڵکانی پێشینەجیاواز، نەتەوە و نەژادی جیاواز، تەمەنی جیاواز و پەروەردەی جیاواز. داواکاری زیاتر، خەڵکی زیاتر، فرۆشتنی بلیتی زیاتر،

دەکرێت سەرەنجامی ئەم پرۆگرامە بن و زنجیرەیەکی لە خۆوە دروست بکات، پەروەردەی زیاتری دانیشتوان لە رێگەی پرۆگرامی نوێی مەشقکردنی میوزیک داواکراوی زیاتر بۆ خزمەتگوزارییەکە دروست دەکات بۆ زیادکردنی رازیبوونی خەڵک، میوزیکژەن و رێنیشاندەرە میوزیکییەکان.

ئۆرکیسترای سیمفۆنی رۆڵێکی گرنگی هەیە لە یارمەتیدانی میوزیکژەنە گەنجەکان لە سەرەتاکانی کارکردنیاندا، پەیوەندی نێوان میوزیکژەنە گەنجەکان و رابەرە بەناوبەنگەکان، لەگەڵ پشتگیریکردنی ئۆرکیسترا ناسراوەکان، لەگەڵ خەڵکانێکی هۆشیار و رۆژنامەیەکی شارەزای یەک لە دوای یەک، دەتوانرێت داهاتوو بونیاد بنێت، داهێنانەکان دەتوانێت دەرفەت برەخسێنێت بۆ میوزیکژەنە تازەپێگەیشتووەکان.

میوزیکژەنانی باش مەشقپێکراو لە تەواوی جیهاندا، بەشێک لە ئۆرکێسترای سیمفۆنی لەژێر باتۆنی رابەری ئۆرکێستراکەدا، هەموو توانای خۆیان دەخەنە ناو کارەکە بە مەبەستی بەدەستهێنانی نواندنی هونەری. فرە کولتووری، وەک ئەنجامی ستافێکی نوێ نەک تەنها لە ئەڵمانیا بەڵکو لە شوێنەکانی دیکەش لە ئەورووپا و ئاسیا، راستییەکی ناسراو و ئاشنایە لە ئۆرکێسترای سیمفۆی ئەڵمانیادا. هەڵبژاردنی ئەندامانی ئۆرکێسترا، گرنگی توانا و شیاوییان، راپۆرتە شیکردنەوەکان لە لایەن ئۆرکێسترای سیمفۆنی پێشکەش دەکرێن بە درێژایی وەرزەکان، بە پشتبەستن بە راستی و گرنگی دامەزراندنی ئەجێندایەکی کولتووری هەمەجۆر بۆ رازیکردنی ژمارەیەکی زۆر لە گوێگر، بۆ هێنانی بەشی جیاواز، لە نێویشیدا رێکخستن، سەرقاڵبوونی ئێستای رێکخەرەکانە بۆ دەزگایەکی قازانجبەخش، لە دوای هەموو ئەمانەی سەرەوە، کاریگەرییەکی گەورە بوونی هەیە لە چالاکییە گەورەکانی، جیهانیبوون، شارستانیبوون، گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان لەگەڵ "the new elite" (Rosu, 2014)، مەبەستی پیشاندانی گرنگی کورتە باسێک، بینینی جیهانی، بەڵام بە وردەکارییەوە، چەندین رووداوی دیار هەیە کە تیایدا گفتوگۆی کاریگەر لە نێوان ئەندامانی ئۆرکێسترا و رێکخستنەکەدا ئاسانتر ئەنجام دراوە بە بەکارهێنانی میتۆدی جۆراوجۆر، بۆ نموونە، WorldCafe بۆ ئۆرکێسترای لۆکسەمبۆرگ.

هونەرمەند/ میوزیکژەنان، ئەندامانی ئۆرکێسترا بە پێی پێناسەیەک، بونیاد نراون بە پێی شێوازێکی بونیادنراوی باش، بە مەشقکردنێکی زۆر باشەوە پێشکەوتوون، خۆتەرخانکردن و توانای کارکردنی ئەستەم هەر لە تەمەنی منداڵییانەوە. باڵانسێکی باشی جەستەیی و فیزیکیان پاراستووە

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو گوشارە دەروونییەی لە ڕێگەی چوونە سەر ستەیج لە بەرامبەر ئامادەبوان توشیان دەبێت، ئەوان داهێنەرن و بەهرەی کاری گرووپیان هەیە، ڕاهاتوون هەفتانە لەگەڵ ڕابەری جیاوازدا مەشق بکەن، لەگەڵ میوزیکژەنێکی نوێ و ئامێرە نوییەکەیدا، تێڕوانینی میوزیکژەنانی ئۆرکێسترای سیمفۆنی لە چالاکییەکەدا بە مەبەستی بونیادنانی کارێکە، نەک تەنها بە مەبەستی ئەوەی کارێکیان هەبێت.

هەروەها، بە پێی تایبەتمەندی ئەندامانی ئۆرکێسترا وە بۆ بینینی پێشبینییەکانیان، ئایا ڕەفتار و ستایلی بەڕێوەبردنی ڕێکخەری ئۆرکێسترای سیمفۆنی دەستنیشان دەکات، دەکرێت ئەمانە بەراورد بکرێن لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی ئۆرکێستراکە، مەبەست لێی: وردەکاری تەواوەتی لە ڕاپەراندنی کارێکی میوزیکی، تێکئاڵاوە لەگەڵ دەربڕینی ئازادانەی هونەرمەند – بە پێی پێوەرێکی دیاریکراو، کە دەست پێ دەکات لە نووکی باتۆنەکەی ڕابەرەکەوە بڵاوی دەکاتەوە بۆ هەموو ئەندامانی ئۆرکێسترا؟ چ گرنگییەکی هەیە لەسەر بەرەوپێشچونی مرۆڤ، لە گۆڕانیان لە کاربەدەستێکی سادە بۆ وەبەرهێنەرێک، ئایا ئامانجی ڕێکخستنەکە ڕێگەپێدانی میوزیکژەن و ستافەکەیە دامەزراندنیان بۆ باشی لە ئۆرکێستراکەدا.

کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بۆنەکان هەموو ڕۆژێک ڕەنگدانەوەی هونەری ئاوازدانان و هونەری دەربڕینە، ئەوان دەبێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە پیشاندانێکی تایبەتی هونەری ئۆرکێسترا کاریگەری هەبێت لەسەر بەڕێوەبردنی ئۆرکێستراکە، نموونەیەکی گونجاو، ئاوازدنەر جۆن ئادەمە، لە دوای هێرشی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ لە ویلایەتی ئەمەریکا لە نیویۆرک. جۆن ئادەم پرسیاری لێ کرا لە لایەن ئۆرکێسترای میوزیکی فیلهارمۆنی بۆ ئاوازدانانی لە کارێک بۆ لەیادنەکردنی قوربانیانی ئەو ڕۆژە، ئەنجامەکە ئۆرکێسترایەکی هاوچەرخی بێوێنە و کاری کۆرس، "لە ئاوارەبوونی ڕۆحدا" کە وای کرد خەڵاتی پولیتزەر بباتەوە، بە پێی ئەو، بیرکەوتنەوەیەکی دیکەی سەرگوزەشتە لە نمایشێکدا کە پوختەکردنەوەی تێدا نییە، بەڵام تیشک دەخاتە سەر "دۆڕان و ئازار باس دەکرێن لە لایەن ئەو کەسانی بەجێهێڵدراون" بە یەک وشە دەست پێ دەکات "ونبوون" کاری هاندان لەم دۆخەدا جێبەجێ دەبێت لەسەر هەردوو لە ئاوازدانەر و ئەندامانی ئۆرکێسترا، هاوبەشی پێ دەکرێت لەگەڵ خەڵکدا.

## میتۆدۆلۆجی توێژینەوە لەگەڵ گفتوگۆکردنی کێشەی لێکۆڵینەوەکە

دۆزینـەوەی مەترسـییەکانی ئەمـڕۆ و دەرفەتەکـانی پەیوەندیـدار بە چالاکییەکـانی ئۆرکێسـترا، دەستنیشانکردنی دیوی نوێ و باشترین مەشقی بەڕێوەبردن لەم بوارەدا بەکار هاتوون پێویستی بە بەکارهێنـانی میتـۆدی لێکـۆڵینەوە هەیە وەک سـەرنجدان، چـاوپێکەوتن، پێـوانەکردن لەگەڵ شیکارکردنی دۆکۆمێنتدا. بەشداریکردن لە چەند کۆنسێرتیک و ڕاهێنانەکانی ئۆرکێسترای کلاسیک لە ئەڵمانیادا دەتوانێت ببێتە سەرنجدانێکی باشتری دیاردەکان، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرانی فیلهارمۆنیک

شانۆ و چامبەرئۆرکێسترا دەتوانن چەندین مەشقی بەڕێوەبردن دەربخەن کە لە پێشوودا باسی لێوە کرا، وەک ئەنجامی بەئاگابوون لە مەترسی و دەرفەتەکانی ژینگە. خەمڵاندنەکە ڕێک خراوە بە یـارمەتی خەڵـک دەکرێـت ئەنجامێـک دروسـت بکـات لەسـەر دۆخـی ئێسـتای ئارەزوومەنـدی و ڕازیبـوون لەگەڵ خزمەتگـوزاری میوزیـک لە لایەن ئۆرکێسـترای پێشـکەوتوی کلاسـیکی، هەنـدێک پرسیار لە بەرامبەریدا دروست دەبێت وەک: دەکرێت کـاتیگۆری ئۆرکێسـترای "زیـاتر لە ٩٩ ئەندام و میوزیک ژەنی زۆر شارەزا" بۆ زیادکردنی ڕازیبوونێکی زۆرتر لە خەڵک؟ هۆڵی کۆنسێرت چۆن کار دەکاتە سـەر ڕازیبوونەکە، یـاخود ڕێـژەی ڕازیبوونەکە لە لایەن ئاکادیمیـای میوزیـک دیـاری کراوە، بەرنامە پێشکەشکراوەکان لە لایەن ئۆرکێسترای سیمفۆنی کاریگەری هەیە لە گەشەسەندنی ڕازیبوونەکە، و بەهەمان شێوە تەمەن ئارەزوومەندی دیاری دەکات لە خزمەتگوزارییەکە لە لایەن ئۆرکێسـترا، لە پـاڵ تایبەتمەنـدییە تەکنیکییەکـانی خزمەتگـوزارییە میـوزیکییەکە، چەنـد فـاکتەرێکی یارمەتیـدەری کەم دەکرێـت بەکـار بهێنرێـت لەو نیشـانانەدا بـۆ باسـکردنی قورسـییەکانی چـالاکی ئۆرکێسـترای سـیمفۆنی، کێشـەی دیـار وەک هـۆڵی کۆنسـێرت، پرۆگـرامە چاپکراوەکـان، کەرسـەتە پێشـکەوتووەکان و ئەنـدامانی ئۆرکێسـترا "توانـای ڕاسـتی، ڕێـز بـۆ خەڵـک، ئاسـتی گفتوگـۆکردن، بەردەسـتبوونی خزمەتگـوزاریی میـوزیکی ئۆرکێسـترای سـیمفۆنی، تێگەیشـتن لە پێویسـتییەکان، داواکاریی ئامادەبوان و چەند شتێکی دیکە."

لەگەڵ ئەوەی لە کولتـووری ئەڵمانیـادا، "میوزیـک هـونەری ڕۆحـی ئەڵمانییەکـانە" بـایەخێکی زۆر دەدرێـت بە هۆشـداری لەبـارەی داهێنـان کە دەبێـت دابنرێـت لە لایەن ڕێکخەرانـی ئۆرکێسـترای سـیمفۆنی، مەشـقی بەڕێـوەبردنی بـاش دەکرێـت دابنرێـت بە ڕوونکـردنەوە بە پێـی بـارودۆخی

ئـابووری و کـۆمەڵایەتی، شـێوازەکانی پـارەدان "خەڵـک، بـۆ نمـوونە ئۆرکێسـترای سـیمفۆنی Deutsche staatsphilharmonieRheinland-Pflalz ئۆرکێستراکان کە ڕاستەوخۆ پاڵپشتی دارای دەکرێن لە لایەن سپۆنسـەرە تایبەتییەکان، وەک Manheimerphilharmonic ، یـاخود کـارە بێهاوتـاکەی ئۆرکێسـترای ئەڵمـانی Bremen Kammersphilharmonie " Das Unternehmer-Orchester" ڕوودانی "کۆمپانیای ئۆرکێسترا" بە مەبەستی پاڵپشتی دارای بۆ چالاکییەکـان، تۆمارەکـان، کۆنسـێرت و... تـا دوایـی، لەگەڵ جۆرەکـانی ئۆرکێسـترا "ئۆرکێسـترای فیلهارمۆنیک" "ڕادیۆ ئۆرکێسترا" لەگەڵ "چامبەرئۆرکێسترا"

لە وڵاتەکانی وەک ئەڵمانیا، کە گرنگییەکی زۆر دەدرێت بە بەهای پاشماوە کولتوورییەکان، لەسـەر ئەرکـی پاشـماوە میـوزیکییە کولتووریەکـان کە هەزاران سـاڵ پـێش ئێسـتا باسـی لێـوە کـراوە، چ سـتراتیژییەک یـاخود باشـترین مەشـقی بەڕێـوەبردن لە لایەن ڕێکخەرانـی ئۆرکێسـترای سـیمفۆنی بەکـار دێت؟ هەروەهـا ئایا گۆڕانی ژینگە دەبێتە هـۆی داهێنـان لە سیسـتمی ڕێکخسـتن، زانیـاری، دامەزرانـدن، یارمەتیـدەرییەکان لەگەڵ گۆڕانی خەڵاتەکـان، ئەمەش لە کـاری پلانـدانان، ڕێکخسـتن، سەرپەرشتیکردن و کۆنترۆڵکردنە.

لە پـاڵ ئەو داهـاتە جێگیـرەدا، میوزیکژەنـان هانـدانیش دەچێتە دۆخێکـی نایـابی کـارەکە، هـۆڵێکی کۆنسـێرت لەگەڵ دەنگێکـی تایبەتـدا پێشکەشـکارییەکە بەرز دەکـاتەوە، ڕازیبـوونی میوزیکژەنـان و گوێگران، نموونەی ئێستا ئۆرکێسترای ئیلفهارمۆنی هامبۆرگ، کە بەم دواییانە هۆڵێکی کۆنسێرتیان دروسـت کـرد، لە ١١ی کـانونی دووەمـی ٢٠١٧دا کرایەوە، کە دەیانویسـت ناوبـانگی هـۆڵی کـارنگی بهێننە خوارەوە، تۆیۆتا سویسـای دەنگسـاز لەگەڵ دەسـتپێکە مەزنەکەیدا لە مـاڵی ئۆپێرای سـیدنی، ئوسترالیا، هۆڵی کۆنسێرتی مارینسکای- شانۆی پترسبۆرگ، ڕووسیا، هۆڵی کۆنسێرتی فۆکۆشیما لە ژاپۆن، هۆڵی فیلهارمۆنیک لە بەرلین لەگەڵ کۆنسێرتی واڵتدیزنی لە لۆس ئەنجلوس، گـوتیشـی لە پاڵ ڕازیبوونێکی بەرچاوی میوزیکژەنان، ئامانجەکەی ئەوە بوو لە یەکەم کوورسـی هەتا کۆتا دانە، گوێگران دەبێت سـەرجەمیان چێژ لە هەمـان کـوالیتی دەنـگ وەربگرن. لەگەڵ یەکەم تـاقیکردنەوەی دەنگ لە ٢ی تەمووزی ٢٠١٦دا، لەژێر باتونەکەی ئاوازدانەر تۆماس هەنگیلبۆرک، لەگەڵ بەشێک لە یەکەمـین سـیمفۆنی جۆهـانس بـرامس، فێلـیکس مانـدیلسـۆن بارتۆلـدی سـیمفۆنی "جـوبیتێر" لەگەڵ سیمفۆنی ٤ی ڤان بتهۆڤن، ئەندامانی ئۆرکێسـترا زۆر دڵخـۆش بـوون، بەجـۆش بـوون، چاوەڕێیـان دەکرد بۆ ئەوەی نمایشـەکەیان لە هۆڵێکی نوێدا پێشکەش بکەن، کۆتـایی پـێ هـات بە زایت ئۆنلاین

له هانسن، وتاری وانسنی گەورەی فریدریک "Wir wollen hier nie wieder raus" "ئێمه نامانەوێت هەرگیز ئەم هۆڵە جێ بهێڵین" (۱۰ ۰۰۰) بۆردی گەچی هاڕدراو یادەوەرییەک بۆ پولەکەی ماسی، ناوازه و کێشی هەر یەکێکیان ۷۰ کیلۆگرام بوو، دەنگێکی تایبەتی دەدا بە هۆڵەکە.

لەگەڵ ئەوەی بونیادنانی هۆڵی کۆنسێرت بۆ ماوەی ۱۰ ساڵ مایەوە، هۆکاری چەندین گفتوگۆ بووە بە هۆی تێچوونەکەیەوە، زیاتر له ۸۰۰ ملیۆن یۆرۆ، کۆتاییەکی دڵخۆشکەری هەبوو، ۲۰۰۰ کوورسی دانیشتن، وەک شانەهەنگ، بوونی مەودایەک له هۆڵەکەدا که ئامادەبوان دەیانتوانی له دووری ۳۰ مەتر له ئۆرکێسترا دابنیشن، پەنجەرەکان به سیستمێکی نوێ که تیشکدانەوەی ڕووناکییەکەی دەدایەوە، گۆڕانی ڕەنگەکان له پاش تیشکی خۆر و هەور، دۆخێکی بەرز کوالێتی خزمەتگوزارییە میوزیکییەکەی بەرزتر کردەوە، لەگەڵیشیدا زیادبوونی ڕازیبوونی میوزیکژەنە پرۆفێشناڵەکانی ئۆرکێسترای فیلهارمۆنیکی هامبۆرگ.

ئۆرکێسترای فیلهارمۆنیکی نیۆرمبێرگ، سیمفۆنی نیۆرمبێرگ خۆی بەرنگاری چالاکی بارودۆخەکە دەکات: "دەمانەوێت ئارامبوونەوەیەک به ئێوە ببەخشین له ڕێگەی میوزیکەوە" ئامانجی ئۆرکێسترای نۆربێرگ ڕەنگدانەوەی پێویستی بۆ بینینی دەوڵەمەندی و پالێتە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئارەزووە ناوخۆی، دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکانە.

ئێمه دەمانەوێت:

- میوزیک به زیندوویی بهێڵینەوە له هۆڵی کۆنسێرتەکانمان، لەگەڵ کوالێتییەکی باشی شرۆڤەکردن.
- بۆ دابینکردنی زیادکردنی نرخی پاشماوە کولتوورییەکانی نیۆرمبێرگ و بۆ ناوچەکە، دەوڵەمەندکردنی گوزەرانی خەڵک له ڕیگەی میوزیک.
- بۆ پیشاندانی تایبەتمەندییەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی جیاوازییەکانی میوزیکی کلاسیک.
- بۆ ڕاکێشان و پەسەندکردنی میوزیکی کلاسیک له لایەن منداڵان و جیلی نوێ، به چەمکێکی نوێ به پێی تەمەنیان.
- بۆ هێنانی زانینی ئەوەی چۆن و توانستی بۆ باشی کۆمەڵگه.
- بۆ مامەڵەکردن وەک باڵیۆزی شاری نیۆرنبێرگ له دەرەوەی ناوچه و شارەکەدا لەبەر ئەوە، ئێمه خۆمان بەخت دەکەین بۆ:
- بۆ تیشکخستنه سەر هێزەکەمان به مەبەستی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە.

- بۆ مامەڵەکردنی بەڕێز و بەرپرسیارانەی هاوکارییە دارەییەکانی کە پێمان گەیشتووە.
- بۆ خۆتەرخانکردن لە کارەکەماندا بۆ خەڵک.

کورتەی چالاکییەکانی ئۆرکێسترای فیلهارمۆنیکی بەرلین، بەرلین فیلهارمۆنیک کورت و زۆر جیاوازە: ١٢٨ کەسی بەتوانا، یەک ئۆرکێسترا، پیشاندانی ئەو میوزیکژەنانەی زۆر بە باشی مەشقیان پێ کراوە (کەسە بەتواناکان، نەک تەنها میوزیکژەن و نمایشکارەکان) لێکچوونی دەزگاکە لەگەڵ ویستی هاوبەشدا بۆ خزمەتکردنی دەستکەوتی ئامانجی هاوبەشە، ڕابەری ئۆرکێسترای فیلهارمۆنیکی بەرلین، سیمۆن ڕاتڵ، لە چاوپێکەوتنێکیدا گوتی: "لە لای من، گرنگترین شت کە میوزیک دەتوانێت بیکات، ئەوەیە خەڵک کۆ دەکاتەوە."

لەناو ڕابەرە میوزیکە دەرەکییەکانی ئۆرکێسترای سیمفۆنیدا، مامۆستا و خوێندکار لە قوتابخانە میوزیکییەکان و زانکۆکانی میوزیک، بەرلین فیلهارمۆنیک پێشنیاری پیانۆژەنێک دەکات پڕ بێت لە سەرکەوتن و پرۆگرامی پەروەردەیی، "پرۆگرامە پەروەردەییەکان دەبێت ئەوەمان بە بیر بهێننەوە کە میوزیک تەنها کاتبەسەربردن نییە، بەڵکو پێویستییەکی سەرەکییە" سیمۆن ڕاتڵ لە ڕێگەی ڕێکخستن و پلاندانانی بەرنامەی کۆنسێرتەکان، توناکانیان بۆ خەڵکی بکەنەوە، وۆرکشۆپی خێزانی، پرۆژە بۆ بوژاندنەوەی داهێنان لە پەروەردەدا، پشتگیریکردن و ڕابەرایەتیکردن لە لایەن هونەرمەندی زۆر باش، هەر وەک پیانۆژەنی بەناوبانگ لانگ لانگ، ڕێکخەری ئۆرکێسترای بەرلین فیلهارمۆنیک کە دەرگەی دەزگا کولتووریەکانی کردەوە بە ڕووی خەڵکانی پێشینەجیاواز، نەتەوە و نەژادی جیاواز، تەمەنی جیاواز و مەشقکردنی جیاواز، لەگەڵ ئەوەی ئەمە چێژوەرگرتنی سەرکەوتنێکی گەورەیە، پرۆگرامە پەروەردەییەکان ئەندامانی ئۆرکێسترایان لە دۆخە ئاسوودەییەکەیاندا دەرهێناوە. خەڵکانی هۆشیار و زیرەک و باش مەشقپێکراو کە وەڵامدانەوەیان دەبێت بۆ گونجاوی پێکهاتەی هونەریی کۆنسێرتەکە "بە شێوەیەکی ئاسایی لە دوو بەش پێک هاتووە، لەگەڵ پشوودانێک لە نێوانیدا" بووەتە نێوانێکی ئیسراحەتکردن بۆ هەردوولا، میوزیکژەنەکان و خەڵک. بەرلین فیلهارمۆنیک ڕۆشتووەتە پشت هێڵی ئیسراحەت، بە پێی دۆخە چالاکییەکان کە خۆی وەک جەستەیەکی هاوبەش، ئامادەیە بۆ ڕووبەڕووی ئاستەنگی و مەترسییەکانی دەورەبەر ببێتەوە، دڵنیاکردنەوەی بوونیان لە ڕێگەی کرانەوەیان بۆ ئامادەبووی هەمەجۆرەکاندا.

کرانەوە بە ڕووی دیمەنێکی نوێی ئۆرکێسترای سیمفۆنی وەک خزمەتگوزارییەکی کولتووری لە لایەن دەزگاکەوە، هێنانی ستراتیژی نوێی بەڕێوەبردن. ڕەوانبێژی نموونەیەکی کامیر فیلهارمۆنی بریمەرە، "کۆمپانیای ئۆرکێسترا" گۆڕا لە دەزگایەکی جۆری GbR، Gesellschaft BürgerlichenRechts، (کۆمەڵگای یاسای شارستانی) لەناو gGmbH، Gemeinnutzigen mitbeschranktenHaftung Gesellschaft، واتە "دەزگایەکی قازانجنەویست، لەگەڵ لێپرسراویەکی دیاریکراو" کە تیایدا ئەندامانی ئۆرکێسترا، ڕێنیشاندەرانی میوزیکن، کە گۆڕانکارییان دروست کردووە لە شێوازی ڕێکخستن و پرۆسیجەرەکاندا، GGmbH، جۆرێک لە پێکهاتەکان کە ڕێگە بە ئۆرکیسترا دەدات بگونجێت لەگەڵ میوزیکژەنەکاندا، ئێمە بەرپرسیارین لە سەرکەوتنە هونەری و ئابوورییەکاندا، کاریگەربوون بە بیرۆکەی جوڵانەوەی دیموکراتەکان لە ساڵی ١٩٦٨، ئۆرکێسترای کامەر فیلهارمۆنی برێمن ماوەی چەندین ساڵ سەرکەوتوو بوون، توانیان قەرزەکانی خۆیان بدەنەوە لە ساڵی ٢٠٠١، قەرزەکەیان بە نزیکەی گەیشتە ١.٥ ملیۆن یۆرۆ لە ساڵی ١٩٩٢، میوزیک ژەنی باش مەشقپێکراو، پرۆفیشناڵی و توانای بەڕێوەبردنەکە پێکەوە گرێ دراون، ئاراستەکردنێک بەرامبەر بازاڕی ئابووری، توانیان دڵنیا بوون لە فرۆشتنی بلیتی وەرزەکانیان بە دەست بهێنن تاوەکو ساڵی ٢٠٢٠.

لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری چامبەر ئۆرکێسترای کورڤێزچس مانهایم بە ناوی گابرێل گێفالەر چەند لایەنێکی گرنگی پیشان داوە لە بەڕێوەبردنی ئۆرکێسترای مۆدێرندا، "قوتابخانەی مانهایم" وەک چەمک و شێواز و ئۆرکێسترا، لە نێوان ١٧٤١-١٧٤٢دا لە لایەن جۆهان ستامیز دامەزراوە، "قوتابخانەی مانهایم" دەکرێت دابنرێت بە "وەرچەرخانێکی نوێ" لە مێژووی جیهانی میوزیکدا، بە تایبەت لە مێژووی ئۆرکێسترای پرۆفیشناڵی کلاسیکدا. ئەگەر ناوەندەکانی سەدەی هەژدەهەم، ئەندامانی ئۆرکێستراکە لە نێوان ٢٠ بۆ ٢٥ میوزیکژەندا بوون، پاش کرانەوەی ئۆرکێسترای بەناوبانگی لە لایەن جۆزێف هایدن لە ئێستەرهازا، ئۆرکێسترای مانهایم بە گەورەترین و ژمارەیان ٥٠ میوزیکژەن بوو، سەرەتا لە لایەن ستامیتز بەڕێوە دەبرا و پاشانیش لە لایەن کانابیچ، ئۆرکێسترای مانهایم پێناسە کرابوو وەک "ئۆرکێسترای موڵکی گشتی" لە نێوان چەندین پرینسپڵی وەرگیرانی نوێدا، زۆرێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکان بۆ نموونە "پێشکەوتنی تەواوی ئۆرکێسترا" "پێشکەوتنی مانهایم"ی بەناوبانگ لەگەڵ کرانەوەیەکی گەورە لە PPP (Piano Pianissimo) پیانۆیەکی نەرم، بۆ FFF (Forte Fortissimo) میوزیکێکی بەهێز و ئازادییەکی باشتر لە بەرامبەر ئامێرە فوودارەکان. کریستیان شوبارت، ئاوازدانەر و ڕەخنەگر،

وتەیەک دەڵێت لەبارەی ئۆرکیستراى مانهایم: "هەورەگرمەیەکی بەهێز، تاڤگەی پێشکەوتوو، میوزیکێکی بەرز وەک جۆگەلەیەکی کریستاڵی نەرم لە دورەوە، پیانۆ شنەبای بەهارە.

چامبەر ئۆرکێستراى کورڤێزچس مانهایم ٦٥ ساڵ پێش ئێستا دروست بووە، یەکێکە لە ٨ چامبەرئۆرکێستراکانی ئەڵمانیا، یەکێک لە چالاکییەکانی ئاگاداربوون و بەرگریکردن و پشتگیریکردنی میراتی بەناوبانگی "قوتابخانەی مانهایم" ئۆرکێستراى سیمفۆنی، لەگەڵ ئەوەی چالاکییەکە بە تەواوی گرنگ بوو لە بەرەوپێشچوونی ئۆرکێستراى پرۆفیشناڵ، لە نێوان ١٨٠٠ بۆ ١٩٠٠ نزمبوونەوەیەک ڕووی دا بووە هۆی ڕەتکردنەوە و لەبیرکردنی قوتابخانەی مانهایم. لە سەدەکانی بیستدا گەڕایەوە بۆ ژیان ژمارەیەکی زۆر دەستنووس لە ناو کتێبخانە کۆنەکەدا دۆزرایەوە، لە لایەن ئاوازدانەر و میوزیکژەنەکان دووبارە نووسرایەوە، کاتێک میوزیکەکە چاپ کرا و میوزیکژەنان توانیان ڕاهێنانی پێ بکەن، گرنگترین تایبەتمەنی هاوبەشیکردن بوو لەگەڵ وێستگەی ڕادیۆ ناوخۆییەکان SWR، کە کاری تۆمارکردنی پارچە میوزیکییەکانی ئاسانتر کرد کاتێک گەڕێنرایەوە و لە لایەن چامبەرئۆرکێسترا خوێنرا، مۆسیقاژەن و ئاوازدانەران پێکەوە کاریان کرد نەک تەنها وەک پێشکەشکردنێک، بەڵکو وەک شوێنەوارناسێکیش، پەڕە کۆنەکانی میوزیکی قوتابخانەی مانهایمیان دۆزیەوە، ئەوان سەرلەنوێ پاشماوە میوزیکییەکەیان بڵاو کردەوە.

کرۆکی ئەم ئۆرکێسترایە دانانی بزوتنەوەی شەپۆلی قوتابخانەی مانهایم بوو، یارمەتیدان و برەودانی ئەم بزوتنەوە مێژووییە، بە هاوکاری ئەکادیمیای هایدلبێرگ لەگەڵ دادگای میوزیکی ( the Vorschungstelle Sudwestdeutsche Hofmusik schwetzingen) جێگری بەڕێوەبەری چامبەر ئۆرکێستراى کورڤێزچس مانهایم، ئەوەی باس کرد کەوا دووبارە ژیانەوەی قوتابخانەی مانهایم لە دونیای ئەمڕۆی ئامێرە مۆسیقییەکاندا کۆتایی پێ هاتووە، نەک لەناو ئامێرە مۆسیقییە مێژووییەکاندا، هەڵبژاردەی پالێتەکان پێک هاتووە لە ئاوازدانەری ڕۆمانسی و مۆدێرن، هونەری و کلاسیک، هەموویان بە پێی پرینسیپڵەکانی یارمەتیدەر لە لایەن "قوتابخانەی مانهایم"

چامبەرئۆرکێستراى کورڤیسچس مانهایم ناسراون بە دوو هێڵی چالاکی: پارێزگاریکردن، کارکردن و پشتگیریکردن نرخی مێژووی کولتووری میوزیکی پەیوەندیدار "قوتابخانەی مانهایم" لەگەڵ گەڕان، باسکردن و دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ لە پێشکەشکردنی میوزیکدا. بەڕێز گابریێل گافرێڵد دەڵێت "پێویست ناکات ئێمە میوزیک بگۆڕین، بەڵام دەبێت سەری بخەین" گۆڕانکاریی پەروەردەی

خێزانی لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە ئەڵمانیادا ڕێکخەرانی ئۆرکێسترا پیشکەوتووەکانیش دەبوو لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەدا بگونجێن. "خەڵک بە تەنها ناتوانن ڕێگەی گەیشتن بە ئێمە بدۆزنەوە، بەڵام دەبێت ئێمە بەرەو ئەوان بچین، ئێمە وەک ئۆرکێسترا دەبێت لە جیهاندا بێینە دەرەوە، نابێت چاوەڕێ بکەین وەک ڕابردوو، خەڵکی بەروە ڕوومان بێن." بەشی بەڕێوەبردنی چامبەرئۆرکێسترا چالاکییەکی زۆر گرنگی بەجێ گەیاندووە بۆ دۆزینەوە و پەروەردەکردنی کڕیاری شارەزا، کڕیاری ئێستا، خەڵکەکەی ئەمڕۆن، سەرو ٦٠ ساڵ، خەڵکەکە پێچەوانەی ڕەوتە جیهانییەکانی بۆ زیادبوونی دانیشتوان، خەڵکە کۆنەکە کڕیاری بەوەفان، دواتر زیادبوونێکی زۆر لە دواکردنی بلیەتەکانی وەرزدا دروست دەبێت، کە ئەمەش شتێکی دڵخەشکەر بوو، وەک لە چالاکییەکانی دیکەدا پارەی داهات بەدەست دەهێنن، جیلی نوێ وەک لاستیکن لە بەرامبەر بیرۆکەی پابەندبوون، لە ٪٨٥ی ئەندامەکان تەمەنیان لە سەرو ٦٠ ساڵە، گۆڕانی کۆمەڵگە چالاکییەکی گرنگدا لەگەڵیشیدا کێشەیەکی جیدین. کەمێک ڕێکخستن لەو ژیانەی جیلی نوێی ئەڵمانیا، کۆمەڵگەیەک بە بێنرخ، تایبەتمەندە بە نەویستن و ناهۆشیاری، چەندین چالاکی ئەنجام داوە لە ڕێکخستنی دەزگای کولتووریی میوزیکی ئۆفا. "بەبێ پەنجەڕاکێشان بۆی، کۆلانێکی نوێ، دەرچەیەکی نوێ و ڕێگەیەکی نوێ دەبێت بدۆزرێتەوە بۆ پشاندان و پێشکەشکردنی میزیکی کلاسیکی" گابریێل گافالێر ئەمەی گوتووە.

ئۆرکێسترای سیمفۆنی نموونەیەکی ناوازەی ئازادبوونە، ڕێزگرتن لە نێوان کولتوور و نەتەوەی جۆراوجۆردا، بە تایبەت لە ئەڵمانیا، جێگەیەک کە لەناو هەر ئۆرکێسترایەکدا چەندین نەتەوە پێکەوە ئاواز دەژەنن، کار دەکەن و پێکەوە هاوبەشی دەکەن لە دروستکردنی کارێکی هونەری، بۆیە بە "سودی گشتی" ناسرابوو. هێشتا هەندێک ئۆرکێسترا هەن پێیان دەڵێن "تاوەری شاخی فیل" تەنها بۆ گوێگرەکانی بەردەستە و بە ڕووی هیچ گۆڕانکارییەک نەکراوەتەوە، بەڵام هێشتا ئامادەبوان کەمترن، ژمارەی کەمینە بیرمەندەکانن کە بەشداری کۆنسێرتەکەیان دەکرد لە ساڵانی ڕابردوودا زیاتر بوو "ئێمە پێویستە بەرگری لە بوونی خۆمان بکەین، نەک تەنها بۆ ئاوازژەندن بۆ گرووپێکی دیاریکراو لە کەمینەی بیرمەندەکان" گابریێل گیفالێر. نەرمبوونێکی کەم لە نێو میوزیکەژەناندا هەیە، بە تایبەت ئەندامە هەمیشەییەکانی ئۆرکێسترای سیمفۆنی. ڕەنگە بە هۆی ڕەقی پێکهاتەی کە تایبەتمەندی چالاکی ئۆرکێسترای سیمفۆنی بێت. هونەرمەند و سۆلۆژەنانی ئازاد زیاتر کراوەن، بە پێی وتەی بەڕێوەبەری چامبەر ئۆرکێسترای کورپفالزیچەسی مانهایم، پاش بەسەربردنی دوو ساڵ لە ئۆرکێستڕادا، میوزیکژەنان هەڵسوکەوتێکی جێگیر و ڕەقیان پەرە پێدا، لە هەندێک باردا

"هەڵسوکەوتی خامۆش" لە ئەڵمانیادا، ئەندامانی جێگیری ئۆرکێستراى سیمفۆنی بەرگرییەکی باش و پارێزگاریلێکردنیـــان لە ڕێــگەی گرێبەســـتێکی دامەزرانـــدن، کە زۆر ڕوونــن. ئەم گرێبەســـتە وردەکاری و شێوازە ڕاستەکانی دیاری کردووە: ڕاهێنان دەبێت ماوەکەی چەند بێت، بۆ نموونە، بە بێ بوونی ژوورێک بۆ وەرگێڕان، ڕێکخستنی نوێ یاخود چەمکی نوێ بۆ نواندنێکی میوزیکی دروست نابێت بەبێ ڕازیبوونی ئەندامانی ئۆرکێسترا، لە ڕێگەی بەشداریکردنیان دەکەوێتە سەر سەرکەوتنی چالاکی وەرگێڕانەکە.

چامبەرئۆرکێســـتراى کـــۆرڤێزچس مانهـــایم لە پرۆژەیەکیـــدا بە هاوبەشـــی لەگەڵ قوتابخانەکـــان لە ناوچەکەدا ئەم پرۆژەیەی دانا وەک چاونەترس: "ئێمە بۆ بانگهێشتی قوتابخانەکە وەڵاممان دەبێت و خۆمان وەک ئەندامانی چامبەرئۆرکێسترا دادەنێین" بە تایبەت بۆ پۆلینکردنی قوتابخانەکە وەک کێشـــەی قوتابخانەکـــان کە تیایـــدا پەروەردەی کولتـــووری لە ئاســـتێکی نـــزمە، تەنـــانەت ئاســـتێکی جەرگبڕە. ئەم پرۆژەیە ئاسان نییە بۆ ئەندامانی ئۆرکێسترا، ئەوان دۆخێکی ئارامیان نییە، دەنگێکی زۆر، ئەوان نیگەران و بە پەرۆشن لەبارەی پارێزراوی ئامێرە میوزیکییەکانیان، بەڵام، وەک ئەوەی زۆرێـــک لە ئامـــادەبوان منـــداڵن، میوزیکژەنەکانمـــان لێبـــوردەییەکی گەورە پیشـــان دەدەن، لەم ڕوانـــگەیەوە، هۆشـــداری لەبـــارەی پێویســـتییەکانی بـــۆ هـــاتنەدەرەوە لە تـــاوەری ئیڤۆریـــدا. جیابوونەوەیەک و دوورییەکی دیاریکراو دەبێت هەبێت لە نێوان کارمەندان و خاوەنکاردا، تاوەکو هەموان بتوانن کارەکانیان بکەن، بەڵام بەشی بەڕێوەبردن دەیەوێت داواکاری و پێشبینییەکانی میوزیکژەنـــان ببینێـــت، بـــۆ گـــوێڕاگرتن لە بیرۆکەکانیـــان، پێـــدانی ڕازیبـــوونی کـــار لە لایەک و داهاتوویەکی باشتر لە لایەکی دیکە.

زۆرێک لە ئەندامانی چامبەرئۆرکێسترای کۆرڤێزچس مانهایم کاری دووەمیان هەیە، وەک مامۆستا لە قوتابخـــانەی میـــوزیکی مانهـــایم، یـــاخود کـــۆلێژی هـــونەری مانهـــایم، بەشـــی بەڕێـــوەبردن خشـــتەی مەشقەکان بە پێی خشتەی قوتابخانەکە دادەنێن.

لەگەڵ ئەوەی لە لایەن حوکومەت هاوکاری دەکرێت، لە ٪٨٠ی کۆنسـێرتەکانی چامبەرئۆرکێســـترای کورفێزچس مانهـایم لە لایەن دەزگـای جیـاوازی کولتـوورییەوە ڕێـک دەخرێـت، یـاخود NGO، لە ٪٢٠ نـوێنەرایەتی کۆسـێرتەکانی خۆیـان، لە هەمـوو ئەڵمانیـادا میوزیـک دەژەنـن، نێـودەوڵەتی، لە مـاوەی ئەم گەشـتانەدا، لەژێـر بەرپرسـیاری بەشـی بەڕێوەبردنـدا دەکەوێـتە شـاردنەوەی دۆخـی گواستنەوە، کۆکبوون، مەشقکردن لەگەڵ ئاسودەیی بۆ هەموو میوزیکژەنان، ئەمە زۆر گرنگە و بە

ئاگایی ڕەفتارکردنی شێوەکانی هاوبەشیکردن لە نێوان ڕێکخەران و میوزیکژەناندا، دواکەوتنێکی هەمیشەیی ڕێککەوتنەکە لە نێوان دوو پێکهاتەکەدا، تەنانەت ئەگەر هەموو کاتێک ئاڕاستەی نوێ، پرۆژە و پێشنیاری نوێ ڕاستەوخۆ لە لایەن میوزیکژەنان باوەشی بۆ بکرێتەوە، هەنگاو بە هەنگاو ڕوونکردنەوە لە کاتی چاوپێکەوتن و گفتوگۆکاندا، دەکرێت ببێتە وەڵامدانەوەیەکی ڕازیبوون. "Denk doch mit (لەگەڵ ئێمەدا بیر بکەوە) ئەگەر بیرۆکەیەکت هەبوو، لەگەڵ ئێمەدا هاوبەشی بکە، ئێمەش دەبینین دەتوانین بیخەینە ناو مەشقەکانمان.

لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا، لێکۆڵینەوەیەکی چێژبەخش هەیە سەبارەت بە پلان بۆ ٥ ساڵی داهاتوو، ڕێکخستن و بەرەوپێشچوونی لە لایەن کۆمەڵەی ئۆرکێسترای ئەمەریکا، کۆمەڵەی ئۆرکێسترای ئەمەریکا داهێنان، پابەندبوون لەگەڵ کاریگەری- ستراتیژی پلانی ٢٠١٦-٢٠٢٠. پلانێکی نوێ، دەقێک کە گرنگی بە بیرۆکەی گۆڕان، گواستنەوە، داهێنان- "چوونکە ئێمە باوەڕمان بە گۆڕانی هێزی ئۆرکێسترای میوزیک هەیە" پێشنیاری ٥ ستراتیژیان کردووە بۆ ٥ ساڵی داهاتوو، لەسەر گۆڕانکاری مەترسیەکانی ئەم ژینگە جۆراوجۆرە بۆ دەرفەت، لە پۆلێنکردنی ئەم ستراتیژی پلانەدا، دەبێت ئاڕاستەکردنێک هەبێت لە بەرامبەر لقە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبردن (Dyck and Neubert, 2009)، بە مەبەستی زیادبوونی ئارەزوومەندیی ڕابەرە جیاجیاکان و بۆ ئاماژەدان بە گرنگی فۆڕمە جیاوازەکانی ئارەزوومەندییەکی باش، لە کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخدا.

- پەرەپێدان بە ئۆرکێسترای سیمفۆنی- زیادکردنی قەبارەی ئۆرکێسترا تاوەکو پەیوەندیدار و ئاگادار بن لەبارەی پێویستییە شارستانی و هونەرییەکان لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا.
- گەشەپێدانی ئەم بوارە- یارمەتیدانی ئۆرکێسترا لە پەرەپێدانی ڕابەرێکی کاریگەر و هاندەر، کلتورێکی تەندروست، مۆدێلێکی بازرگانی سەلامەت و بەهێز.
- خزمەتێکی باشتری ئەندامەکان- بوون بە سەرپەرشتیکارێک بۆ تیشکخستنەسەر زانیاری بەڕێوەبردنی دەزگاکە بەهێزکردنی کۆمەڵەی مۆدێلە بازرگانییەکە، دروستکردنی بونیادێک و دەرامەتێکی گەورە بۆ پشتیوانیکردنی بۆ گەیاندنی چالاکی کۆمەڵەکە.
- گەورەکردنی قەبارە کۆمەڵەکە- پەرەپێدانی ستافی بونیاد، شارەزا، کولتوورە ڕێکخراوەکان و تەکنەلۆژیا بۆ دڵنیابوون لە تەواوی ڕێکخستن و کارکردنەکە

## بەرەنجام

مایکڵ ئێمسی مانوس فەرماندە لە هێزی ئاسمانی ئەمەریکا (بۆنەی خانەشینبوونی، باندی ڕامستینی ئەڵمانیا، حوزەیرانی ٢٠١٦) دەڵێت "ئێمە هەمان ستراتیژی دوێنێ بەکار ناهێنین، بۆ شەرکردن لە جەنگی ئەمڕۆماندا." ڕێکخستنی داهێنان لە ڕێگەی بەهێزکردنی سروشتی ستراتیژی بۆ ماوەیەکی درێژ، پەرەدان بە کوالیتی تاکەکان و چالاکییە کۆکراوەکان لە دروستکردنی ژینگەیەکی ئارەزوومەندانە بۆ بەرەوپێشچوونی داهێنانەکانی مرۆڤایەتی، ئاڕاستەکردنێکی ئەرێنی و گونجاوی پێشکەشکردنەکە، بنچینەیەکی سەلمێنراو، نەک تەنها بۆ زیادکردنی نمایشەکە، بەڵکو بۆ داهاتوویەکی دڵنیاتر. ئێمە باسی ژمارەیەک مەشقی باش لە لایەن بەڕێوەبەرانی گرنگترین ئۆرکێسترای ئەڵمانیا و ئەمەریکا دەکەین، بەکاردەهێنران بۆ بینینی بەربەرەکانییەکانی ئێستا و پێشبینییەکانی ڕابەرانی ئۆرکێسترا. ئەمانە پیک هاتوون لە بەدواداچونێکی هەمیشەیی لە دوپاتکردنەوەی ئەو ڕۆڵەی پێشکەش دەکرێت لە لایەن ئۆرکێسترای سیمفۆنی لەم ڕۆژانەی ئێستەدا، ئامانجی قبوڵکردنێکی جێگیری ئەم گرنگییە، کوالێتییەکی بەرز و خزمەتگوزارییەکی ناوازە لە لایەن میوزیکژەنان، هاندانی میوزیکژەنان لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی ئاسایش و کارێکی ماوەدرێژ، داهاتێکی جێگیر، بەهێزکردنی وجودی ئۆرکێسترای سیمفۆنی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا، دووبارە جەختکردنەوەی ڕۆڵی نزیکبوونەوەی پەیوەندی لقە جۆربەجۆرەکان لەگەڵ سیستمی پەروەردەییدا، دروستکردنی دۆخێکی باشی کارکردن، بینینی پێشبینییەکانی خەڵکی بە دامەزراندنی کەسانی باش مەشقپێکراو، موزیکژەنانی پرۆفیشناڵی جۆراوجۆر، دابینکردنی هۆڵی کۆنسێرت، دەنگێکی زۆر باش، بو هەموو کاتیگۆری ئامادەبوان، بۆ زیادکردن و ڕازیبوونی هەموو ڕابەرانی ئۆرکێسترا.

ئەم توێژینەوەیە لەلایەن ماڵپەڕی کلتووری دیدی من و بە سەرپەرشتی ئۆرکێسترای ماڵی موزیک بڵاوکراوەتەوە